# النُظْمُ السِّياسِيةُ لِدُوَلِ الجِوارِ الإقْلِيمِيَّةِ

# سیستمی سیاسی دەوڵەتانی دراوسێی هەرێمی

## دەستپێک

سیستەمی سیاسی دەوڵەتێك بە دەستورو کلتوری سیاسی و نوخبە سیاسیەکەیەوە دیاری دەکرێت، هەروەها لە دابەشکردنی دەسەڵاتە واقعیەکانە لەنێوان ناوەندەکانی بڕیاردا. سیستەمی سیاسی داینەمۆی دەوڵەت و ژیانی کۆمەڵگایە، هەروەها ئەرکی ڕێکخستنی کۆمەڵ دەگرێتە ئەستۆ. سیستەمی سیاسی زیاتر تایبەتە بەڕێکخستنی شێوازو کاری دەسەڵات و کۆمەڵ و کۆمەڵە سیاسییەکان و چەند دامودەزگایەکە لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا کاروباری بەڕێوەبردن دەگرنە ئەستۆ لەڕێگای ئەو یاساو ڕێسا پابەندانەی لە ئارادان، یان دانراوون لەچوارچێوەی ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسی پەیرەوکراودا. بەڵام سیستەمی سیاسی بەتەنیا بریتی نیە لە دامەزراوە حکومیەکان بەڵکو لەهەموو پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکان پێکدێت بەهەموو لایەنە سیاسیەکانیەوە بە پێکهاتە تەقلیدیەکانیشەوە کە لەسەر بنەمای خزمایەتی و عەشیرەت دامەزراون. کەواتە سەرجەم دیاردەکان پێکەوە سیستەمێك پێك دەهێنن .

دیراسەکردنی سیستمی سیاسی لە قۆناغەکانی سەرەتادا تەنها گرنگی دەدا بە شێوە و دابەشکردنی دەسەڵاتەکان و جۆری حکومەتەکان، وە ئەم دیراساتانە گرنگیان نەدەدا بە چالاکیە کۆمەڵایەتی و ئابووریەکانی دەسەڵات. بەڵام لەگەڵ گەشەسەندنی توێژینەوەی سیستمە سیاسییەکان، ئەم ڕەهەندانەش گرنگی پێدرا. هەر بۆیە دیراسەکردنی سیستمی سیاسی تەنها نەبەستراوەتەوە بە لایەنی یاسایی، بەڵکو درێژ بۆتەوە بۆ شیکارکردنی شێوازی کارکردنی، دەرخستنی ڕۆڵی لە ڕووی پراکتیکی و واقعی، پێگە ڕاستەقینەکەی لە ناوەخۆی کۆمەڵگای هەموو سیستمێکی سیاسی.

لەبەرئەوەشە هەموو سیستمێکی سیاسی وەستاوە لەسەر چەند بنەمایەک و پاشخانێکی مێژوویی و بنەمایەکی شارستانی و کلتوری کە پشتی پێدەبەستێت، هاوکات لەگەڵ پێشکەوتنی ئابووری کە ڕۆڵی دەبێت بە لایەنی ئەرێنی و نەرێنی لە دەرەنجامە ڕۆحی و ماددیەکانی ئەم سیستمە.

ئەم ماددەیە تایبەتە بە باسکردن و خستنەڕووی ڕەهەند و شێوازەکانی سیستمی سیاسی وڵاتانی دراوسێی هەرێمی، چونکە ئەم بابەتە یەکێکە لە بابەت گرنگو سەرەکیەکانی زانستی سیاسی. کەلە ڕێگایەوە هەوڵدەدرێت شێوازی حوکمڕانی ئەم دەوڵەتانە دیراسە بکرێت. ئەمەش لە ڕێگەی ناساندنی ئەم کۆمەڵە ڕێسا یاسایی و بنەما دەستوریی و بونیادە سیاسییانەی کەوا سیستمی سیاسی پێکدێنن، کە هەموو ئەمانەش ویست و ئیرادەی هەر دەسەڵاتێک ڕوون دەکاتەوە، تا لە ڕێگەی ئەم دەسەڵاتەوە دەوڵەت هەوڵی مانەوە و بەردەوامی خۆی بدات.

## چەمکی سیستمی سیاسی

سیستمی سیاسی لە رووی زمانەوانیەوە لە دوو وشەی (سیستم) و (سیاسی) پێکدێت. وە سیستەمیش بریتیە لە رێکخستنی کاروبارەکان لەسەر شێوازێکی دیاریکراو بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو. وە گریمانە سەرەکیەکانی سیستم لە تیۆری گشتی سیستم جەخت لەسەر چەند شتێك دەکاتەوە:

1- سیستم بریتیە لە کۆمەڵێك بەشی بەیەکەوە بەستراوەوە.

2- بەشەکانی سیستم کار لە یەکتر دەکەن.

3- بەشەکانی سیستم تا رادەیەکی دیاریکراو سەربەخۆیی خۆی هەیە لەگەڵ ئەوەش کە بەیەکتر بەستراون.

وە سیاسەت پەیوەستە بە دەسەڵات لە دەوڵەتدا لە رووی شکڵی و بابەتیەوە، کە رێکخستن و شێوەکانی مارەسەکردنی و بوارەکانی چالاکی دەگرێتەوە.

وە لە بارەی پێناسەی سیستمی سیاسی، دەتوانین بڵێین سیستمی سیاسی (کۆمەڵێك رەگەزە و کاردەکات بۆ مانەوەی لە کۆمەڵگا بەو پێیەی قەوارەیەکی زیندووە و دەسەڵاتی سیاسی بەرێوەی دەبات. وە ئەم رەگەزانەش کە سیستمی سیاسی لێ پێکدێت: رێکخستن و رێسا و پەیوەندی و هۆشیاری سیاسییە، وە هەر یەکێك لەم رەگەزانەش کاریگەری لەسەر ئەوەی تر دەبێت و پشتی پێ دەبەستێت).

هەروەها دەکرێت پێناسەی سیستمی سیاسی بکەین بەوەی: (کۆمەڵێك دامەزراوە و رێسای پەیوەستە بە رێکخستن و پیادە کردنی دەسەڵاتی سیاسی).

بە هەمان شێوە دەکرێت بڵێین: (چوارچێوەیەکی یاساییە بۆ چالاکیە سیاسییەکان، ئەویش کۆمەڵێك دامەزراوەیە کە ئەو چالاکیانە لە خۆ دەگرێت کە پەیوەستە بە دەسەڵاتی رێکخستنی کۆمەڵگا).

دیڤید ئیستۆن بەم شێوەیە پێناسەی سیستمی سیاسی دەکات: (سیستم سیاسی بریتیە لە کۆمەڵە کارلێك و گۆڕانکاری کە پەیوەستە بە دابەشکردنی بەهاکان لە لایەن دەسەڵات). لێرەدا ئیستۆن پێی وایە سیستمی سیاسی بریتیە لە ئەرکی دروستکردنی بڕیار و دیاریکردنی هێز لە دابەشکردنی دامەزراوە سیاسیەکان و ڕەفتاری کۆمەڵەکان کە ئەم دامەزراوانە بەڕێوەدەبەن.

هەروەها هارۆڵد لاسویل پێی وایە: (سیستمی سیاسی بریتیە لە هەژموون یان کەسانێکی خاوەن هەژموونن لەسەر بنەمای تێگەیشتن لە شرۆڤەکردنی سزای چاوەڕوانکراو). لاسویل جەخت لەسەر هەژموون دەکات لە سیستمی سیاسی.

گابرێڵ ئەلمۆند لە بارەی سیستمی سیاسی یەوە دەڵێت: (سیستمی سیاسی سیستەمێکی کارلێککراوە کە لە هەموو کۆمەڵگا سەربەخۆکان هەیە، هەڵدەستێت بە ئەرکی تەواوکاری و خۆگونجاندنی ناوخۆیی لە سنوری کۆمەڵگایەك، هەروەها ئەرکی تەواوکاری و خۆگونجاندنە لەسەر ئاستی دەرەکی کۆمەڵگاکانی تر ئەمانەش لە ڕێگای بەکارهێنانی هەڕەشەی هێز یاخود هەڕەشەی بەکارهێنانی سزای مادی دەبێت).

لە ئەنجامدا دەگەینە پێناسەیەکی گشتگیر و دەکرێت وای لێکبدەینەوە کە: سیستمی سیاسی شێوازێکە لە شێوازەکانی حوکمڕانی ووڵات، و پێك هاتوە لە کارلێکی کۆمەڵێك پەیوەندی ئاڵۆز لە نێوان هێزە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانی ناو کۆمەڵگا، هەوڵی بەدیهێنانی بەردەوامی مانەوەی سیستم و سەقامگیری دەدات لە کۆمەڵگادا.

## چەمکی دەوڵەتی هەرێمایەتی:

چەمکی دەوڵەتی هەرێمایەتی بەکاردێت بۆ ئاماژە دان بەو دەوڵەتانەی کەوا کۆمەڵێك کارلێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری پتەو بەیەکیان دەبەستێتەوە، وە ئەم دەوڵەتانە دراوسێن لە سنوورێکی جوگرافی دیاریکراو، وە لانیکەم لە سێ دەوڵەت یان زیاتر پێکدێن.

## رەگەزە پێکهێنەرەکانی دەوڵەتی هەرێمایەتی:

دەوڵەتە هەرێمایەتیەکان دابەشی سەر سێ بەش دەبن، ئەوانیش:

**دەوڵەتانی سەنتەر**: بەم دەوڵەتانە دەگوترێت کە تەوەر و بنچینەن لە کارلێکە سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتیەکان لە سیستمی هەرێمایەتی، وە دەوڵەتانی سەنتەر زۆرترین بەشداریان هەیە لەم کارلێکە بەیەك بەستراوانە، هەروەها دەوڵەتانی سەنتەر سروشتی کەشی باوی سیاسی لە سیستمی هەرێمایەتی دیاری دەکەن.

**دەوڵەتانی دەوروبەر**: ئەمانەش ئەندامن لە سیستمی هەرێمایەتی، بەلام تەداخول ناکەن لە کارلێکە چڕەکان لەگەڵ دەوڵەتانی تری هەرێمایەتی وەك دەوڵەتانی سەنتەر، ئنجا چ بەهۆی لایەنی جوگرافی یان سیاسی یان بێت بە هۆی هەر دووکیان بێت.

**دەوڵەتە پەراوێزەکان**: ئەم دەوڵەتانە لە پەراوێزی سیستمی هەرێمایەتی دەبێت و هاو سنوورە لەگەڵی لە رووی جوگرافیەوە، بەلام دەوڵەتە پەراوێزەکان بەشێك نین لە سیستمی هەرێمایەتی و رۆڵی نیە لە کارلێکە سیاسی و ئابوورییەکان وەك دەوڵەتە هەرێمایەتیەکانی تر. دەوڵەتە پەراوێزەکان تەنها دراوسێ و هاوسنوورن لەگەڵ سیستمی هەرێمایەتی.

## سیستمی پادشایەتی

لەبەرئەوەی بەشێکی زۆری سیستمی سیاسی وڵاتانی دراوسێی هەرێمی سیستمی پادشایەتیە، بۆیە بە پێویستی دەزانین بەر لە باسکردنی سیستمی سیاسی ئەم وڵاتانە کورتە باسێکی سیستمی پادشایەتی بکەین، بەم شێوەیەی خوارەوە:

## ناساندن

سیستمی پادشایەتی (بە عەرەبی: نظام الحکم الملكي، بە ئینگلیزی (Monarchy) یەکێکە لە کۆنترین سیستمەکانی دەسەڵات و بەڕێوەبردن، بریتییە لەو سیستمەی کە پادشا کەسی یەکەمی دەسەڵاتە و بۆ ماوەیەکی درێژ لەسەر دەسەڵات دەمێنێتەوە بڕیاری ڕەها و تاکڕەوییانە دەدات، دوای مردنی دەسەڵاتەکەی بۆ نەوەکانی دەگوازرێتەوە، کەسی پلە یەکی نزیکی دەبێتە جێگرەوە و جێنشینی دەسەڵاتی.

## مێژووی دەسەڵاتی پادشایەتی

سیستمی پادشایەتی لە سەردەمی شارستانییەتە دێرینەکانەوە بوونی هەبووە، نموونەی شارستانیەتی میسری کۆن و شارستانییەتەکانی دۆڵی دوو ڕووباری کۆن. لە پاش پەرەسەندنی دەسەڵات و ئیمپراتۆریی ڕۆمانیی دەسەڵاتی پادشایەتی زیاتر پەرەی سەند.

لە ئەورووپا لە دوای جەنگی "سی ساڵە"ی نێوان هەردوو ڕێبازی پرۆستانت و کاسۆلیکی مەسیحییەت کە لە ساڵی 1618 بۆ ساڵی 1648 ئەو جەنگە بەردەوام بوو بووە هوی ڕاگەیاندنی "پەیماننامەی ویستفالیا"، کە ڕۆڵی پادشا و دەسەڵاتی تاکڕەویی و دەسەڵاتی ڕەهای پادشایەتی پەسەند کرا و لە زۆر ناوچەی ئەورووپا جێبەجێ کرا .

## بنەماکانی سیستمی پادشایەتی

1- دەسەڵاتی پادشایەتی بە درێژایی ماوەی دەسەڵات لە سیستمە جیاوازەکانی تری حکوومەت جیادەکرێتەوە، ماوەی حکومەت کاتێکی سەرەتا و کۆتایی دیاریکراوی نییە، ئەو ماوەیە لە کاتی مردنی پادشا کۆتایی دێت و بە گواستنەوەی دەسەڵات بۆ شازادەی جێنشین ماوەی دەسەڵاتەکە دەستپێدەکات.

2- سیستمی دەسەڵاتی پادشایەتی بەراورد بە جۆری دەسەڵاتەکانی تر زیاتر جێگیرترە.

3- سیستمی دەسەڵات لەپاش مردنی پادشا ڕاستەوخۆ دەگوازرێتەوە بۆ کەسی جێنشین، بەبێ وەرگرتنی ڕای گشتی یان دەسەڵاتی یاسادانان.

4. بەگشتی کەسی جێنشینی پادشا کوڕە گەورەی شایە، بەڵام ئەگەر پادشا کوڕی نەبوو دەسەڵات دەدرێت بە برا بچووکی شا، ئەگەر برایشی نەبوو کە ئەم حاڵەتە دەگمەنە دەسەڵات دەدرێتە مام یاخود کوڕە مامی شا.

## جۆرەکانی سیستمی دەسەڵاتی پادشایەتی

### 1- سیستمی دەسەڵاتی پادشایەتی ڕەها

ئەم جۆرەی دەسەڵات دەرکردنی هەموو بڕیار و یاساکان بەتەواوی لەژێردەسەڵاتی شایە، دەسەڵاتی بەسەر هەموو بڕیارێکدا هەیە و هیچ ڕێگرێکی نییە، بەجۆرێک کە شا دەتوانێت هەموو دەسەڵاتەکانی جێبەجێکاریی و دادوەریی و یاسادانان لە ئەستۆ بگرێت..

ئەم جۆرەی دەسەڵات لەسەردەمی کۆندا زۆر باوبووە نموونەی سەردەمی:
ـ ئەسکەندەری مەقدوونی مەزن ـ شا چارلسی ـ ئینگلتەرا ـ لویسی ـ چواردەیەمی شای فەڕەنسا.

### 2- سیستمی دەسەڵاتی پادشایەتی دەستووری

لەم سیستمەدا سەرەڕای بوونی شا و وەرگرتنی دەسەڵاتی وڵات، بەڵام بڕیار و دەسەڵاتەکانی دیاریکراو و سنووردارە، لەلایەن دەسەڵاتدارانی یاسادانانەوە چاودێری دەکرێت و پێداچوونەوە بە بڕیارەکانی دەکرێت، سەرۆوەزیران زۆرترین پشکی کارە کارگێڕییەکانی بەردەکەوێت.

هەندێک وڵات نموونەی وڵاتی کوێت دەسەڵاتی یاسادانان و بڕیاردانانی زۆر بەهێزە توانای هەیە بڕیارەکانی شا ڕەتبکاتەوە، تەنانەت دەسەڵاتی ئەوەی هەیە کە ڕێگری لە وەرگرتنی پلەی پادشایەتی بکات ئەگەر زانرا کە شا شایستەی ئەو پۆستە نییە.

## دەسەڵاتی پادشایەتی و دەسەڵاتی کۆماریی لە چەند وڵاتێکی ئەورووپا

سەردەمی دەسەڵاتی پادشایەتی وڵاتی بەریتانیا بە تێپەڕبوونی کات، دەسەڵاتی پادشایەتی ڕەهایی لەدەستدا و بووە دەسەڵاتی پاشایەتی دەستووریی، بەو واتایەی شای وڵات دەسەڵاتی ڕەهای نییە، بەڵکو دەسەڵاتێکی سنووردار و دیاریکراوی هەیە بە گەڕانەوە بۆ دەستوور و پەرلەمان بڕیارەکانی شا جێبەجێ دەکرێت.

وڵاتی فەڕەنسا لەدوای شۆڕشی پیشەسازیی لە ساڵی 1789 بە تەواوی کۆتایی بە سیستمی پاشایەتی هێنرا و سیستمی کۆماری جێگەی گرتەوە.
لە ئەمریکا لە نێوان ساڵانی 1776 بۆ 1783 پاش بەدەستهێنانی سەربەخۆیی لەژێر دەسەڵاتی بەریتانیا، سیستمی یەکگرتووی کۆماری لیبراڵی کلاسیکی دامەزراند و بووە سیستمی بەڕێوەبردنی وڵات.
زۆرێک لە وڵاتانی ئەورووپا
نموونەی بەلجیکا، نەرویج، سوید، هۆڵەندا و ئیسپانیا پەیڕەوی سیستمی پادشایەتی دەستووری دەکەن.
هەریەک لە وڵاتانی ئەمریکا، ئەڵمانیا، ئیتاڵیا، پورتوگال و پۆڵەندا پەیڕەوی سیستمی کۆماریی دەکەن .

**سیستمی پادشایەتی وڵاتانی جیهان**

32 وڵاتی جیهان پەیڕەوی سیستمی پادشایەتی دەکەن کە بریتیین لە:
ئیسپانیا، ئوستراڵیا، هۆڵەندا، تایلەند، نیوزیلەندا، باهاما، نەرویج، بەریتانیا، توڤالۆ، تۆنگا، جامایکا، سوید، گرینادا، دوورگەکانی سلێمان، ئەنتیگوا، باربادۆس، پاپوا، گینێی نوێ، بەلجیکا، بیلێز، سانت ڤێنسێنت، سانت لوسیا، سانت کیتس، گریندایین،، کەمبوودیا، کەنەدا، لۆکسەمبۆرگ، سعودییە، بەحرەین، ئوردن، کوەیت، دانیمارک، مەغریب.


تركيا
زاخو
الموصل
السليمانية
سورية
كركوك
غرب
الاردن
إيران
خانقين
سمراء
بعقوب
شرق
الرمادي
بغداد
كربلاء
الحله
العماره
الديوان
النجف
النخيب
الرطبة
السماوه
البصره
الناصريه
الزبير
المملكة العربية
السعودية
الخليج
العربي
الكويت
جنوب

## شانشینی عەرەبی سعودی

## نەبوونی دەسەلاّتی سیاسی دەوڵەتی عوسمانی لە دوورگەی عەرەبی و بلاّوبوونەوەی بیروباوەڕە ئاینیە هەڵەکان

دوورگەی عەرەبی لە سەرەتاکانی سەدەی هەژدە، لە چوارچێوەی سنووری جوگرافی و هەژموونی دەوڵەتی عوسمانی بوو. بارودۆخی سیاسی و ئابووری لە نیوە دوورگەی عەرەب بە تایبەت نەجد، تووشی تێکچوون و داڕمانێکی زۆر هاتبوو. وە ئاشکراشە نەبوونی دەسەلاّتێکی ناوەندی و بەهێز دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ناکۆکیە خێڵەکیەکان و دوژمنداری لە نێوان فەرمانڕەواکانی ناوچەکە. ئەمەش ببووە هۆی نەمانی ئاسایش و سەقامگیری لە ناوچەکە.

وە فەرمانبەر و کاربەدەستە عوسمانییەکان پیادەی دەسەلاّتێکی راستەقینەیان نەدەکرد لە دەرەوەی ئەم ولاّتانەی کەوا کەوتبوونە سەر کەناری دەریای سوور و هەردوو ئاراستە و لایەنی رێگەی حەج. ناوچەکانی نەجد ئەو رووبەرە فراوانەی کەوتبووە لایەنی رۆژئاواوە لە ژێر حوکمی سەربەخۆیی سەرکردە ناوچەییەکانی ئەم سنوورە بوون. وە ئەم ناوچانە بە دەست پارچە پارچەیی سیاسی و ناکۆکی بەردەوامی تیرە و هۆزەکان دەیانناڵاّند.

هەروەها بیروباوەڕ و بابەتە ئاینییەکان تووشی لادانێکی زۆر ببوو لە ئیسلامی راستەقینە، وەك گۆڕ پەرستن و تەواف کردن بە دەوریدا، وە داوای یارمەتیکردن و بە هاناوەچوونی لە بەرد و دار و پەڕۆ، کە هەموو ئەمانە لە چوارچێوەیەکی فراوان پەیڕەوی لێدەکرا، لە کاتێکدا ئەمانەش لە جۆرەکانی هاوبەشی دانانە بۆ خواو ئینسان لە بازنەی ئیسلام دەباتە دەرەوە.

**لەم ژینگەیە شێخ محمد عبد الوهاب لە عُیَیْنَة لە دایك بوو لە خێزانێکی دیار و شارەزای ئایینی. کە لە ڕێگەی خوێندنی کۆمەڵێك کتێبی راڤەی قورئانی پیرۆز و فەرموودە و بیروباوەڕ و فیقهی حەنبەلیەوە هەڵسا بە ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو دیاردانەی کەوا پێچەوانەی ئاینی ئیسلام بوون.**

**وە بە هۆی ئەوەی بانگەوازەکەی تووشی ناڕەزاییەکی زۆر بوویەوە لە لایەن بەشێکی زۆری زانایانی ئاینی ئەو سەردەمە، هەر بۆیە (سلیمان بن محمد) سەرۆك هۆزی ( بنی خالد) و فەرمانڕەوای ناوچەی (الإحساء) داوایەکی ئاڕاستەی (عثمان بن معمر) فەرمانڕەوای عُیَیْنَة کرد کەوا یان دەبێت شێخ محمد عبد الوهاب بکوژێت یان دەبێت دەری بکات، وە لە حاڵەتی جێبەجێ نەکردنی ئەم داوایە، ئەوا تەواوی هاریکاریە ئابووریەکانی لەسەر دەبڕێت، هەر بۆیە محمد عبد الوهاب لە عُیینە دوور خرایەوە.**

## هاوپەیمانی شێخ محەممەدی کوڕی عبد الوهاب لەگەل ئیمام محەممەد کوڕی سعود

کاتێک شێخ محەممەدی کوڕی عبد الوهاب گەیشتە ناوچەی دەرعیە فەرمانرەوای ناوچەکە (محەممەدی کوڕی سعود) بەلێنی بە شێخ محەممەدی کوڕی عبد الوهاب دا کە پارێزگاری لێبکات، شێخ محەممەدی کوڕی عبد الوهاب یش بەڵێنی سەرکەوتن و پشتیوانی پێدا، هەردووکیان ڕێککەوتن لەسەر بنیادنانی میرنشینی درعیەی گەورە کە بە سەرەتای دروست بوونی دەوڵەتی سعودیە دادەنرێت لەسەر بنەمای ئاینی ئیسلام و سەرخستنی، بەم شێوەیە میرو شێخ ڕێککەوتن لەسەر سەرخستنی ئاینی ئیسلام لە میانەی پێکهێنانی کیانێکی سیاسی.

## قۆناغەکانی دروستبوونی سعودیە

ناکرێ باس لە سیستمی سیاسی لە عەرەبستانی سعودیە بکەین، بێ ئەوەی باس لە قۆناغەکانی دروستبوونی ئەو دەوڵەتە نەکەین، کە بە سێ قۆناغدا تێپەڕیوە:

**قۆناغی یەکەم**: دەوڵەتی یەکەمی سعودیە کە لەنێوان (1744-1818) دامەزراو بە میرنشینی درعیە ناسرا، ڕێککەوتنێکی مێژوویی ستراتیژی لەنێوان حاکمی درعیە محەمەد کوڕی سعود و شێخ محەممەدی کوڕی عبد الوهاب واژۆکرا، تاکو کاروباری سیاسیی و ئاینی دەوڵەت بەڕێوەبەرن، هەردوولا رازی بوون. لە ساڵی 1765 محمد کوڕی سعود وەفاتی کرد، عبد العزیزی کوڕی (1721-1803) دەسەڵاتی گرتە دەست، دوای کوژرانی ئەویش سعود کوری عەبدولعەزیز (1748-1814) دەسەڵاتی گرتە دەست.

لەم ماوەیەدا دەوڵەتی یەکەمی سعودیە توانی ناوچەیەکی زۆر بخاتە ژێر رکێفی فەرمانڕەوای خۆی وەک قەتەڕ و عەممان و ناوچەی إحساء و مەککەی پیرۆز و شاری مەدینە. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی مەترسی هەبێت  لە لەدەستدانی پێگەی خۆی لە جیهانی ئیسلامی، چونکە بینییان کە ئەم دەوڵەتە مایەی هەڕەشەیە بۆ سەر دەسەڵاتیان، وە دەبێتە پاساوێکیش بۆ گەلانی دیکە بۆ سەربەخۆیی.

هەر بۆیە محمد علی پاشا والی مصری راسپارد بۆ هێرشکردنە سەر دەوڵەتی سعودیە، ئەویش هەڵمەتی یەکەمی بە سەرکردایەتی (طوسون) ی کوڕی دەست پێکرد لە ساڵی 1811، دوای شکستی ئەم هەڵمەتە محمد علی پاشا خۆی هاتە مەیدانی جەنگ ساڵی 1813، کۆمەڵێک جەنگ لە نێوانیان روویدا بەڵام یەکلایی کەرەوە نەبوو، لە ساڵی 1814 میر سعود کوڕی عەبدولعەزیز وەفاتی کرد و میر عبد الله کوڕی سعود (1785-1818) دەسەڵاتی گرتە دەست. ئەوە بوو لە 1816 محمد علی پاشا، ئیبراهیم پاشای کوڕی رەوان کرد، دوای شەڕێکی زۆر و گەمارۆدانیان بۆ ماوەی پێنج مانگ، عبد الله کوڕی سعود خۆی دا بەدەستەوە بە مەبەستی پاراستنی گیانی دانیشتووانی ناوچەکە تاکو تووشی هەڵمەتی لە ناوچوونی بەکۆمەڵ نەبنەوە، ئەوەبوو لە 1818 لە ئەستەنبوڵ ئیعدام کرا و بەمەش دەوڵەتی سعودی یەکەم کۆتایی هات.

<u>قۆناغی دووەم</u>: دەوڵەتی دووەمی سعودیە، ئەم جارە تورکی کوڕی عەبدولعەزیزی کوڕی سعود لە ساڵی 1818 دایمەزراند و تا ساڵی 1891 واتا 73 ساڵ بەردەوام بوو، بە میرنشینی نەجد ناونرا، بەڵام جارێکی دیکە بە دەستی ئال رەشیدەوە دوای چەندین شەڕ لەنێوان هەردوو بنەماڵەی ئال سعود و ئال رەشید رووخا.

## سروشتی سیستمی سیاسی لە دەوڵەتی یەکەم و دووەمی سعودیە

ڕێکخستنی ناوەخۆیی ئەم دوو دەوڵەتە لەسەر پێنج پایەی سەرەکی وەستا بوو:

### ١- پێشەوا (الإمام)

- ✓ سەرۆکی باڵای دەوڵەت بوو، دەسەڵاتی سیاسی و دادوەری و سەربازی لە دەست ئەو بوو.
- ✓ دەستنیشانکردنی ئیمام لەسەر بنەمای رەزامەندی أهل الحل والعقد و بەیعەتدانی لەلایەن خەڵکەوە بوو.
- ✓ پێشەوا دوای راوێژ لەگەڵ شێخ و زانایانی ئاینی، مافی راگەیاندن و بەستنی پەیماننامە و رێککەوتنەکان لە چوارچێوەی دەسەڵاتەکانی ئەو بوون.
- ✓ بڕیارەکانی یەکلاکەرەوە بوون لە کاتی ڕوودانی ناکۆکی و پرسە هەستیارەکان.

## ٢- ئەمیری هەرێمەکان

لە دوای فروانبوونی سنووری دەوڵەتی سعودیەی یەکەم، هەندێک میر دانران بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری هەرێمەکان، وە لە دانانی ئەم کەسانە بۆ ئەو پۆستانە، ڕەچاوی پێگە و دەسەڵاتیان دەکرا لە نێوان کەسوکار و هۆزەکانیان.

لە دیارترین ئەرکەکانیان:

- ✓ بەڕێوەبردنی کاروباری هەرێمەکان و دانیشتوانیان بە گوێرەی ڕێنماییەکانی دەوڵەت و خودی ئیمام.
- ✓ کۆکردنەوەی زەکات و دابەشکردنی بەسەر کەسانی شایستە.

## ٣- قازی (دادوەر)ی شەرعی

- ✓ بەرپرس بوو لە یەکلا کردنەوەی ناکۆکی نێوان کەسەکان.
- ✓ سەرپەرشتی جێبەجێکردنی حوکمە شەرعیەکانی دەکرد لە دەوڵەتدا.
- ✓ ئەگەر شارۆچکەیەک سنووری فراوان بووایە ئەوا دادوەرێک و موفتیەک دادەنران.
- ✓ بەڵام لە شارۆچکە بچووکەکان تەنها دادوەرێک دادەنرا.

## ٤- ئەنجومەنی ڕاوێژ (مجلس الشورى)

ئەویشیان دوو جۆر بوو:

١- شورای گشتی: لە میانەی بۆنە و کۆبوونەوەی گشتی ئەنجام دەدرا بۆ چارەسەرکردنی هەندێک لە گرفتەکانی پەیوەست بە هەرێمەکان.

- ✓ لە کاتی دروستبوونی گرژی یاخود هەڵگەڕانەوە لە یەکێک لە هەرێمەکان.
- ✓ هەر یەک لە (دادوەرەکان، شەرعزانەکان - الفقهاء-، میرەکان، سەرۆک هۆزەکان، سەرکردەکان) ئامادە دەبوون.

٢- شورای تایبەت: ئەمەشیان لە نوخبەیەک پێکدەهات لە دادوەر و میر و سەرکردە و زانایانی ئاینی و هەندێک کەس لە خێزانی فەرمانڕەوا و کەسانی ژیرکە لەلایەن ئیمامەوە بانگ دەکران، ئەم جۆرە لە ڕاوێژە ڕۆڵێکی زۆر تایبەتی دەگێڕا بە تایبەت لە کاتی ڕاگەیاندنی شەڕ.

## ٥- خۆبەخش (المطاوعة - المحتسبون)

گروپێکی خۆبەخش بوون ئەرکیان فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە بوو (الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر).

**الرسم الهيكلي التوضيحي في الدول السعودية الأولى والثانية والحديثة**




## عدوان الدولة العثمانية ومقاومة الدولة السعودية الأولى وتدمير الدرعية عاصمة الدولة السعودية الأولى

الدولة السعودية الثانية (1818–1891)

الإمام تركي بن عبد الله (1824–1834)

الإمام مشاري بن عبد الرحمن (1834–1834)

الإمام فيصل بن تركي (1834–1838)

الإمام خالد بن سعود (1838–1841)

الإمام عبد الله بن ثنيان (1841–1843)

الإمام فيصل بن تركي ( 1843–1865)

الإمام عبد الله بن فيصل (1865–1871)

الإمام سعود بن فيصل (1871–1871)

الإمام عبد الله بن فيصل (1871–1873)

الإمام سعود بن فيصل (1873–1875)

الإمام عبد الرحمن بن فيصل (1875–1876)

الإمام عبد الله بن فيصل (1876–1889)

الإمام عبد الرحمن بن فيصل (1889–1891)

## ضعف الدولة السعودية الثانية وعودة الزعامات القبلية المتناحرة

الدولة السعودية الثالثة الحديثة 1932

الملك عبد العزيز بن عبد الرحمن (1932–1953) | الملك سعود بن عبد العزيز (1953–1964)

الملك فيصل بن عبد العزيز (1964–1975)

الملك خالد بن عبد العزيز (1975–1982) | الملك فهد بن عبد العزيز (1982–2005)

الملك عبد الله بن عبد العزيز (2005–2015)

الملك سلمان بن عبد العزيز(2015– ؟)

**قۆناغی سێیەم**: دەوڵەتی سێیەمی سعودیە و کۆتایی:

- ئەم قۆناغە دوا قۆناغە و لە ساڵی 1901 دەست پێدەکات، کاتێ شا عەبدولعەزیزی کوڕی عەبدولڕەحمانی کوڕی فەیسەڵ ئال سعود (ریاض)ي گەڕاندەوە ژێر رکێفی خۆی.
- هێزەکانی عوسمانی لە ساڵی 1906 کشانەوە.
- دەوڵەتی سعودیە دوای ئەوە دامەزرا کە هەموو خاکی نیمچە دوورگەی عەرەبی بە پشتیوانیی بەریتانیا یەکخستەوە، ئەوە بوو مەککەی موکەڕەمەی لە ساڵی1924 و مەدینەی منەوەرەی لە ساڵی 1925ی هێنایە پاڵ دەوڵەتەکە.
- دواجار دەوڵەتی هاوچەرخی سعودیەی لە ساڵی 1932 راگەیاند، لەوەتەی دامەزراندنی سعودیە تائێستاش هەر ئال سعود حوکمڕانیی ئەو وڵاتە دەکەن.
- ئەمەش لیستێکە بە ناوو مێژووی حوکمڕانییان: دوای مردنی شا عەبدولعەزیز کوڕەکانی لە ساڵی 1953وە دەسەڵاتیان گرتەدەست، بەم شێوەیە:
    1- سعود کوڕی عەبدولعەزیز کوڕەگەورەی بوو (1953-1964).
    2- فەیسەڵی کوڕی عەبدولعەزیز (1964-1975) .
    3- خالیدی کوڕی عەبدولعەزیز (1975-1982).
    4- فەهدی کوڕی عەبدولعەزیز (1982-2005).
    5- عەبدوڵای کوڕی عەبدولعەزیز(2005-2015).
    6- سەلمان کوڕی عەبدولعەزیز(2015-؟).



## سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی سعودیەی سێیەم و کۆنترۆڵکردنی شاری (ریاض) لە 1901

- لە ١٩٠٠ شەڕی نێوان شێخ مبارك الصباح و ابن الرشید روویدا، ئەمەش دەرفەتێک بوو بۆ ئەوەی ئیمام عبد الرحمان و عبد العزیزی کوڕی لە پاڵ کوێتیەکان بەشداری بکەن لە هێرشەکەی سەر نجد و سەندنەوەی (ریاض) ی پایتەخت. بەڵام دوای شەڕێکی سەخت آل رشید توانیان کوێتیەکان ناچار بە کشانەوە بکەن.
- لە ساڵی ١٩٠١ عبد العزیز بن عبد الرحمان لەگەڵ ٤٢ کەس لە پیاوەکانیان، توانیان (ریاض) ی پایتەخت و هەروەها پارێزگاکانی نەجد و ئیحساء لە ڕۆژهەڵاتی دوورگەکە لە دەست عوسمانیەکان دەربهێنن.

## دامەزراندنی بزووتنەوەی (إخوان من أطاع الله) لە لایەن عبد العزیز آل سعود

- لە ساڵی (١٩١٠) شا عبد العزیز هێزێکی چەکداری بەناوی (إخوان من أطاع الله) دامەزراند.
- هێزێکی پاسەوانی نیشتەجێی نشینگەکانی (نجد) بوون.
- لە ساڵی (١٩١٤) توانیان عوسمانیەکان لە شاری الإحساء وەدەرنێن.
- ڕۆڵی سەرەکیان هەبوو لە نەهێشتنی پاشماوەکانی حوکمی بنەماڵەی آل الرشید لە ١٩٢٤.
- لە ساڵی ١٩٢٩ لە ئەنجامی ئەو ناکۆکیەی کە کەوتبووە نێوان شا عبد العزیز و بزووتنەوەی (إخوان من أطاع الله) لەسەر کۆمەڵێک بابەت کە تێڕوانینیان جیاواز بوو، شا عبد العزیز هێرشی کردە سەریان و بزووتنەوەکە لەناوچوو.

## کۆنترۆڵکردنی حیجاز و وەدەرنانی شەریفی مەککە

شەریف حسێن لە حیجاز (شەریفی مەککە) بە هۆی ناکۆکی لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەلایەن ئینگلیزەکان پشتگیریان لێکرد و ڕێگەیان بۆ خۆشکرد بۆ سەرکردایەتیکردنی حیجاز، لەلاسەن ئیخوانەکان بەسەرکردایەتی شا عبدالعزیز هێرشی کرایە سەر لە ساڵی ١٩٢٤.

## هۆکارەکانی هێرشکردنە سەر شەریف حسێن و کوڕەکەی

- ناساندنی خۆی وەک شای عەرەب لەسەر ناوچەکانی ژێر دەستی دەوڵەتی عوسمانی بە بێ ڕێگەپێدانی ئینگلیزەکان.

- نەسازانی لەگەڵ خێڵەکانی ناوچەکە بە تایبەتی خێڵی آل سعود، ئینگلیزەکانی ناچارکرد وەک مەلیکی عەرەب دانی پێدانەنێن.
- شا عبدالعزیز بە توندی دژی ئەو ڕاگەیاندنە وەستایەوە و نارەزایەتی خۆی گەیاندە ئینگلیزەکان.
- بەهۆی پەیماننامەی دارین (دیسمبر ١٩١٥)[1] لە نێوان آل سعود و ئینگلیزەکان، ئینگلیزەکان نەیاندەتوانی یارمەتی شەریف حسێن بدەن، بە پێچەوانەوە یارمەتی آل سعودیان دا.

---

(1) نص المعاهدة: بسم الله الرحمن الرحيم

لما كانت الحكومة البريطانية من ناحية، وعبد العزيز بن عبد الرحمن الفيصل آل سعود حاكم نجد والأحساء والقطيف والجبيل والمدن والمراسي التابعة لها، بالأصالة عن نفسه وورثته وخلفائه وعشائره من جهة أخرى، راغبين في توطيد الصلات الودية التي مر عليها وقت طويل ما بين الفريقين وتعزيزها لأجل توثيق مصالحهما، فقد عينت الحكومة البريطانية الليفتننت كولونيل السر برسي كوكس كه. مي.آر.آي.كه.سي. المعتمد البريطاني في خليج العرب مفوضاً من قبلها لعقد معاهدة مع عبد العزيز بن عبد الرحمن الفيصل آل سعود.

أولاً: تعترف الحكومة البريطانية وتقر بأن نجد والحسا والقطيف والجبيل وتوابعها والتي سيبحث فيها، وتعين أقطارها فيما بعد ومراسيها على خليج العرب هي بلاد ابن سعود وآبائه من قبل. وبهذا تعترف بأن سعود المذكور حاكماً عليها مستقلاً، ورئيساً مطلقاً على قبائلها، وبأبنائه وخلفائه بالإرث من بعده، على أن يكون ترشيح خلفه من قبله ومن قبل الحاكم بعده، وألا يكون هذا المرشح مناوئاً للحكومة البريطانية بوجه من الوجوه، خاصة فيما يتعلق بهذه المعاهدة.

ثانياً: إذا حدث اعتداء من قبل إحدى الدول الأجنبية على أراضي الأقطار التابعة لابن سعود وخلفائه بدون مراجعة الحكومة البريطانية وبدون إعطائها الفرصة للمخابرة مع ابن سعود وتسوية المسألة، فالحكومة البريطانية تعين ابن سعود بعد استشارته، إلى ذلك القدر، وعلى تلك الصورة اللذين تعتبرهما الحكومة البريطانية فعاليتين لحماية بلدانه ومصالحه.

ثالثاً: يتفق ابن سعود ويعد بأن يتحاشى الدخول في مراسلة أو وفاق أو معاهدة مع أية أمة أجنبية أو دولة، وعلاوة على ذلك بأن يبلغ حالاً إلى معتمدي السياسة من قبل الحكومة البريطانية كل محاولة من قبل أي دولة أخرى في أن تتدخل في الأقطار المذكورة سابقاً.

رابعاً: يتعهد ابن سعود بألا يسلم ولا يبيع ولا يرهن ولا يؤجر الأقطار المذكورة ولا قسماً منها، ولا يتنازل عنها بطريقة ما، ولا يمنح امتيازاً ضمن هذه الأقطار لدولة أجنبية بدون رضى الحكومة البريطانية، وبأن يتبع مشورتها دائماً بدون استثناء على شرط أن لا يكون ذلك مجحفاً بمصالحه الخاصة.

خامساً: يتعهد ابن سعود بحرية المرور في أقطاره على السبل المؤدية إلى المواطن المباركة وأن يحمي الحجاج في مسيرهم إلى المواطن المباركة ورجوعهم منها.

سادساً: يتعهد ابن سعود كما تعهد آباؤه من قبل، بأن يتحاشى الاعتداء على أقطار الكويت والبحرين ومشايخ قطر وسواحل عمان التي هي تحت حماية الحكومة البريطانية ولها صلات عهدية مع الحكومة المذكورة، وألا يتدخل في شؤونها. وتخوم الأقطار الخاصة بهؤلاء ستعين فيما بعد.

سابعاً: تتفق الحكومة البريطانية وابن سعود على عقد معاهدة أكثر تفصيلاً من هذه على الأمور التي لها مساس بالفريقين.

حرر في 18صفر1334 هـ/الموافق 26ديسمبر1915 م.

## یەکخستنەوەی حیجاز و نەجد و راگەیاندنی دەوڵەتی سعودیەی سێیەم

لە ساڵی ١٩٢٥ ئیخوانەکان ناوچەکانی رۆژئاوای حیجاز (عەسیر و مەککە و مەدینە)یان کۆنترۆڵ کرد و شەریف حسێن کورسی خۆی دا بە علی حسێن ی کوڕی تاوەکو لەگەڵ سوڵتان عبدالعزیز رێککەوێت، بەڵام سوڵتان قبوڵی نەکرد، بەم شێوەیە آل سعود تەواوی نەجد و حیجازیان کەوتە ژێر دەست و یەکیان خست، کۆتایی بە حوکمی ئەشرافەکان هات.

- ساڵی ١٩٢٦ رێنمایی سەرەکی (التعليمات الأساسية) دەرچوو، سیستمی سیاسی سعودیە چووە قۆناغێکی ترەوە.
- لە ساڵی ١٩٢٨ عبدالعزیز آل سعود لە میری نەجد گۆڕا بوو بە مەلیکی نەجد و سوڵتانی حیجاز.
- لە ١٩٣٢ بە فەرمانێکی پادشایی (حیجاز و نەجد) ناوەکەی گۆڕا بۆ (شانشینی عەرەبی سعودی - المملكة العربية السعودية).

## دامەزراوە فەرمیەکانی سیستمی سیاسی سعودی

- دەستوری سعودیە (سیستمی بنچینەیی - النظام الأساس)
- پاشا و دەسەڵاتەکانی
- دەسەڵاتی رێکخستن (السلطة التنظيمية)
- ئەنجومەنی راوێژ (مجلس الشورى).

## دەستوری سعودیە (سیستمی سەرەکی - النظام الأساس)

سعودیە دەستورێکی نوسراوی نیە پشتی پێ ببەستێت، بەڵکو دەستوری وڵات بە گوێرەی ماددەکانی (١، ٧) کە لە سیستمی بنچینەییدا هاتووە بریتی دەبێت لە حوکمەکانی شەریعەتی ئسلام (قورئان و سوننەت).

- لە ساڵی ١٩٢٦ دوای کۆنترۆڵکردنی ریاض ی پایتەخت، عبدالعزیز آل سعود رێنمایی سەرەکی (التعليمات الأساسية)ی دەرکرد.
- دواتر لە ١٩٥٣ لە سەردەمی شا فەیسەڵ بن عبدالعزیز هەموار کرایەوە و هەندێ چاکسازی تیادا کرا.
- لە ساڵی ١٩٩٢ لە سەردەمی فهد بن عبدالعزیز و لە ژێر ئەو فشارەی حرکەی الصحوە کردی، (سیستمی بنچینەیی - النظام الأساس) راگەیەندرا.

---

ينظر إلى: د. حسين إبراهيم العطار، العلاقات البريطانية – السعودية في عهد الملك عبد العزيز، (القاهرة، المكتب المصري للمطبوعات، 2007)، ص 25–26.

## پێکهاتەی سیستمی سیاسی لە سعودیە

١- پادشا (الملك)
٢- جێنشین (ولاية العهد)
٣- دەسەڵاتی رێکخستن (السلطة التنظيمية)
- ئەنجومەنی شورا (مجلس الشورى)

٤- دەسەڵاتی جێبەجێکردن (السلطة التنفيذية)
- ئەنجومەنی وەزیران (مجلس الوزراء)

٥- دەسەڵاتی داوەری (السلطة القضائية)
- ئەنجومەنی دادوەریی باڵا (المجلس الأعلى للقضاء)
- دیوانی سکاڵاکان (ديوان المظالم)
- دەستەی پەیماندان (هيئة البيعة).

## ١- پادشا و دەسەڵاتەکانی (الملك وسلطاته)

- پاشا لە وڵاتی سعودیە خاوەنی هەموو دەسەڵاتێکە جگە لە هەندێ دەسەڵاتی دادوەری.
- دەسەڵاتەکانی ڕەهایە، جگە لە بەندەکانی شەریعەتی ئیسلام هیچ شتێک سنووورداری ناکات.
- سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانە، دانان و لابردنی وەزیرەکان لە دەسەڵاتی ئەوە.
- فەرماندەی باڵای هەموو هێزە چەکدارەکانی وڵاتە.
- دەسەڵاتی رەهای هەیە بۆ راگەیاندنی جەنگ و باری لە ناکاو (حالات الطوارىء)
- دەتوانێت هەندێک لە دەسەڵاتەکانی خۆی بە گوێرەی فەرمانی شاهانە بە شازادەی جێنشین بسپێرێت. نمونە (وەک ئەوەی شا سلمان لە ئەیلولی ٢٠٢٢ محمد بن سلمانی کوری وەک سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دیاریکرد).
- لە ساڵی ٢٠١٥ تاکو ئێستا شا سلمان پاشای سعودیەیە.

## ٢- جێنشین (ولاية العهد)

- جێنشین دووەم گرنگترین پۆستە لە شانشینی عەرەبی سعودی.
- راستەوخۆ دوای مردنی پاشا دەسەڵات وەردەگرێت و بنەماڵەی دەسەڵاتدار و گەلی سعودی پەیمان وبەیعەتی پێدەدەن وەک پاشای وڵات.
- راستەوخۆ جێنشینی تازە (ولی العهد الجديد)دیاری دەکات
- کاروباری وڵات بەرێوە دەبات کاتێک پاشا لە دەرەوەی وڵاتە بە گوێرەی فەرمانێکی پاشایی (مرسوم ملکی) تا دەگەڕێتەوە و ناونیشانی پۆستەکەی لە جێنشین دەگۆڕێت بۆ جێگری خزمەتکاری دوو مزگەوتە پیرۆزەکە (نائب خادم الحرمين الشريفين).

## ٣- دەسەڵاتی رێکخستن (السلطة التنظيمية)

ئەو دەسەڵاتەیە بەرپرسە لە رێکخستن و پێشنیازی میکانیزمی جێبەجێکردنی ئەو یاسایانەی کە لە (سیستمی بنچینەیی - النظام الأساس) دا هاتووە.

- ئەنجومەنی راوێژ (مجلس الشورى): بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٢٣ دامەزرا، بەڵام ئەم شێوازەی ئێستای لە ساڵی ١٩٩٢ دامەزراوە. لە ١٥٠ ئەندام پێکدێت لە کەسانی پسپۆڕ و شارەزا لەلایەن پاشا چوار ساڵ جارێک دیاری دەکرێن.

### پسپۆڕی (کار)ەکانی ئەنجومەنی راوێژ (اختصاصات مجلس الشورى)

ئەنجومەن بیروڕای خۆی دەردەبڕێت سەبارەت بە سیاسەتی گشتی دەوڵەت کە لەلایەن سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆی رەوانە دەکرێت لە بارەی:

١- تاوتوێکردنی یاسا و رێساکان، وە رێکەوتننامە و پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان، وە پێشنیارکردنی هەر شتێک کە بە گونجاوی بزانن لەم چوارچێوەیەدا.

٢- لێکدانەوە و رافەکردنی پەیرەو و رێنماییەکان.

٣- گفتوگۆ لەسەر پلانی گشتی بۆ گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی وڵات، هەروەها دەربڕینی بیروڕا لەبارەیەوە.

٤- تاوتوێکردنی راپۆرتی ساڵانە کە لەلایەن وەزارەتەکان و دەزگاکانی دیکەی حکومەتەوە دەخرێنە بەردەم ئەنجومەن و پێشنیازی ئەوەی کە بە گونجاوی دەزانێت.

٥- کارەکانی تایبەت بە یاسا و رێساکان بە هاوبەشی دەبێت لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران بە گوێرەی ماددەی ٦٧ لە (سیستمی بنچینەیی - النظام الأساس).

## دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی راوێژ(صلاحيات مجلس الشورى)

١- پێشنیازکردنی پرۆژە یاسایەکی نوێ

٢- پێشنیازی هەموارکردنی یاسایەکی بەرکار

٣- بەرزکردنەوەی بڕیارەکانی ئەنجومەن بۆ پاشا.

- بەپێی پەیڕەوی ئەنجومەنی راوێژی سعودی: کۆبوونەوەی ئەنجومەن پێویستی بە ئامادەبوونی دوو لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجومەن هەیە، سەرۆک و جێگرەکەشی لەم رێژەیە ئەژمار دەکرێن.
- رێژەی بەشداری ئفرەت لەم ئەنجومەنە دەبێت لە ٢٠% کەمتر نەبێت بە گوێرەی فەرمانی پاشایەتی ژمارە (أ/ ٢٦) لە ٢ربيع الأول ١٤٢٦ بەرامبەر ١١ نیسانی ٢٠٠٥.
- دوو مانگ بەر لە تەواو بوونی ماوەی یاسایی، ئەنجومەنی نوێ لە لایەن پاشای سعودیە پێکدەهێنرێت.

## ٤- دەسەڵاتی جێبەجێکردن (السلطة التنفيذية)

- **ئەنجومەنی وەزیران (مجلس الوزراء):** ئەنجومەنی باڵای فەرمانڕەوایی وڵاتە. یەکەمجار بە پێی مەرسومێکی شاهانە لە ساڵی ١٩٥٣ دامەزرا، سەرجەم وەزیرەکان ئەندامن لەم ئەنجومەنە، هەروەها لەلایەن پاشاوە دیاری دەکرێن.

- سەرەتا شازادەی جێنشین سەرۆکایەتی دەکرد، بەڵام لە سەردەمی شا فەیسەڵ، پاشا بوو بە سەرۆکی ئەنجومەن. لە ٢٠٢٢/٩/٢٧ دووبارە بە فەرمانێکی شاهانە شازادەی جێنشین بوو بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.
- لە ئێستادا ژمارەی وەزارەتەکانی کە ئەم ئەنجومەنە پێکدەهێنێت بریتین لە ٢٣ وەزارەت.
- هەفتەی جارێک کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی دەکات، مەرجە دوو لەسەر سێی ئەندامان ئامادەبن بۆ بەستنی دانیشتنی یاسایی.
- بڕیارەکانی ئەنجومەن بە زۆرینەی دەنگ دەدرێن، ئەگەر دەنگەکان یەکسان بن، دەنگی سەرۆکی ئەنجومەن یەکلاکەرەوە دەبێت.
- هیچ بڕیارێک سەبارەت بە وەزارەتێکی دیاریکراو نادرێت ئەگەر وەزیرەکەی ئامادە نەبێت.

## ئەرکەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن (مهام وصلاحيات السلطة التنفيذية)

١- دارِشتن و جێبەجێکردنی سیاسەتی ناوەخۆیی، دەرەکی، دارایی، ئابووری، بەرگری، فێرکاری و سەرجەم کاروبارە گشتییەکانی وڵات.

٢- ئەنجومەنی وەزیران دەسەڵاتی جێبەجێکردن و ڕێکخستن و کارگێڕی هەیە.

٣- هەموو ئەو بابەتانەی پەیوەندی بە کاروبار و بەرژەوەندی وەزارەتەکانی دەوڵەت و گرتنەبەری ڕێکاری پێویست هەیە لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی وەزیراندا هەیە.

٤- هیچ پەیماننامە و ڕێکەوتنێکی نێودەوڵەتی ناچێتە بواری جێبەجێکردن تاوەکو لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران پەسەند نەکرێت، جگە لەو بڕیارانەی کە پێویستی بە فەرمان یاخود مەرسومێکی شاهانە هەیە.

## ٥- دەسەڵاتی داوەریی (السلطة القضائية):

دەسەڵاتی دادوەریی دەسەڵاتێکی سەربەخۆیە و جگە لە شەریعەتی ئیسلامی هیچ دەسەڵاتێک لە سەرووی بڕیارەکانی دادوەران نیە بە گوێرەی ماددەی ٤٦ لە (سیستمی بنچینەیی - النظام الأساس).

بەڵام لە ڕاستیدا پاشا مافی دەستێوەردانی هەیە لە بەشێکی زۆری دەسەلاتی دادوەری، چونکە بە پێی ماددەی ٥٠ لە (سیستمی بنچینەیی - النظام الأساس) بەرپرسە لە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دەسەڵاتی دادوەریی.

- **دادوەریی شەرعی (القضاء الشرعي)**

دامەزراوەیەکی شەرعیە لە چوارچێوەی دەسەڵاتی دادوەرییە، بەرپرسە لە یەکلاکردنەوەی کەیسی- هەموو ئەو ناکۆکیانەی کە لە کۆمەڵگای سعودیەدا روو دەدات، بە بێ گوێدانە سروشت و لایەنەکانی کەیسەکە.

دادوەریی شەرعی پێکدێت لە:

١- ئەنجومەنی باڵای دادوەریی

٢- دادگای تاوانەکان

٣- دادگای گشتی

- **ئەنجومەنی دادوەریی باڵا (المجلس القضاء الأعلى)**

ئەنجومەنێکی بەرپرسە لە ڕێکخستنی دەسەڵاتی دادوەریی، بەکاری سەرپەرشتیکردنی دادگاکان و دادوەران و چاودێری کردنی کاروبارەکانیان و دەرکردنی ڕێنمایی و ڕێسای پەیوەست بەوانەوە، بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٧٥ دامەزراوە، لە سەرۆکێک و دە ١٠ ئەندام پێکدێت، بۆ ماوەی چوار ساڵ لەم پۆستەدا دەمێننەوە.




**ئەرکەکانی ئەنجومەنی دادوەریی باڵا (وظيفة المجلس الأعلى للقضاء):**

١- بەرزکردنەوەی پێشنیار و ڕاپۆرتەکان بۆ پاشا.
٢- دەرکردنی ڕێسا و ڕێنماییەکان.
٣- ڕێکخستن و چاودێریکردنی کاروباری دادگاکان.
٤- یەکلاکردنەوەی ناکۆکیەکان دەربارەی تایبەتمەندیی دامەزراوە دادوەرییەکان.
٥- بەرپرسە لە کاروباری دادوەرەکان، وەک دامەزراندن و پلە بەرزکردنەوە و تاقیکردنەوە و ڕاهێنانیان بۆ کاری دادوەریی.

٦- ئەنجـومەن سـەرچاوەیەکە بـۆ دادوەرانی شانشـینی عەرەبی سـعودی، ئەو بـابەتە گەورانەی بـۆ دەگەڕێـتەوە کە یەکلایکردنەوەیـان ئاسـان نـیە، وەک جێبەجێکـردنی حوکمی کوشتن (القتل).

٧- هەندێ لە کاروبارەکانی بە هاوبەشی لەگەڵ وەزارەتی دادی سعودی دەکات، وەک:

- پەسەندکردنی بڵاوکردنەوەی بڕیارە دادوەرییەکان.
- بەدواداچوون و پشکنین بۆ کاروباری دادنووسەکان.

## • دیوانی سکاڵاکان (دیوان المظالم)

دەسـەڵاتێکی دادوەریی ئـیداریی سـەربەخۆیە، راسـتەوخۆ پەیوەنـدی بە پاشا هەیە، سـەرۆکی دیـوان بە پـلەی وەزیـر دەبێـت و بە فەرمـانی پاشـایی دیـاری دەکرێـت. بـۆ یەکەمجـار لە سـاڵی ١٩٥٤ بە بڕیـارێکی ئەنجـومەنی وەزیـران دامەزرا، دواتـر بە مەرسومی شاهانە بوو بە دەزگایەکی سەربەخۆ.

## ئەرکەکانی دیوان

١- لەبەرچـاوگرتنی ئەو ناکۆکیـانەی کە پەیوەسـتە بەو گرێبەسـتانەی کە حکـومەت لایەنێکە تیایدا.

٢- وەرگرتنی داوای یاسایی و ئیداری و بەرزکردنەوەیان بۆ لایەنی پەیوەندیدار.

## دەستەی بەیعەتدان (هيئة البيعة)

❖ دەسـتەیەکی تـایبەتە بە دیـاریکردنی میکـانیزمی گرتنەدەسـتی دەسـەڵات لە نێـو خێزانی شاهانە بۆ هەریەک لە پاشا و جێنشین.

❖ بەپـێی مەرسـومێکی پاشـایی لە ئۆکتـۆبەری ٢٠٠٦ دامەزراوە، لە (٣٤) ئەنـدام پێکـدێت لە ئەنـدامانی خـێزانی شـاهانە، بە تەمەنترینیـان وەک سـەرۆکی دەسـتە دەست نیشان دەکرێت.

❖ پێکهێنـانی لـیژنەی پزیشـکی تـایبەت بە بڕیـاردان لەسـەر شـیاوی پاشا لە ڕووی جەستەیی و عەقڵیەوە بۆ بەردەوام بوون یاخود لادانی.

- ❖ هەڵبژێردراو بۆ حوکمکردن لە خێزانی شاهانە دەبێت لە کوڕەکانی شا عبد العزیز آل سعود و نەوەی کوڕانی کۆچکردوو.
- ❖ هەڵبژرادنی پاشا بە کۆدەنگی یاخود رێژەی ٤/٣ ی ئەندامان دەبێت.
- ❖ کۆبوونەوەی دەستە و پرۆسەی دەنگدان تیایدا بە شێوەی نهێنی دەبێت.
- ❖ دوای مردنی پاشا، دەبێت لە ماوەی چوار رۆژ پاشای نوێ هەڵبژێردرێت.
- ❖ لە حاڵەتی نەخۆشی کاتیدا شازادەی جێنشین لە شوێنی پاشا کارەکان بەڕێدەکات.

## دامەزراوەی ئایینی

دامەزراوەی ئایینی سعودی رۆڵێکی فراوانی هەیە لە سیستمی سیاسی سعودی، لێرەدا تیشک دەخەینە سەر چەند تەوەرێک لەمبارەیەوە:

## یەکەم/ پلەبەندی هەرەمی دامەزراوەی ئایینی

دامەزاروەی ئایینی لە کۆمەڵێک دەستە و دامەزراوەی فەرعی پێکدێت:

### ١- دار الإفتاء ( خانە و دەستەی فەتوا):

- موفتی گشتی شانشینی عەرەبی سعودی سەرۆکایەتی دەکات.
- گەورەترین پۆستی شەرعیە لە وڵات بە گوێرەی (سیستمی بنچینەیی - النظام الأساس). هەروەک تیایدا هاتووە: ( سەرچاوەی فەتواداان لە شانشینی عەرەبی سعودی قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەر ﷺ، وە سیستەم پلەبەندی دەستەی گەورە زانایان و ئیدارەی توێژینەوە زانستی و فەتوا و تایبەتمەندییەکانیان دیاری دەکات).
- بە مەرسومێکی شاهانە بە فەرمانی پاشا دادەمەزرێنرێن.
- موفتی گشتی بە هەمان شێوە سەرۆکایەتی دەستەی گەورە زانایان و لیژنەی بەردەوامی توێژینەوە زانستی و فەتواکان دەکات.
- لە ساڵی ١٩٥٣ یەکەمجار دامەزرا بە مەرسومێک کە لەلایەن شا عبدالعزیز آل سعودەوە دەرچوو.
- لە دروستبوونیەوە تا ئێستا سێ کەسایەتی سەرۆکایەتیان کردووە:

أ- محمد بن إبراهيم آل الشيخ (1953-1969).

کاتێک وەفاتی کرد، ئەم پۆستە لەلایەن وەزیری داد سەرۆکایەتی دەکرا تا ساڵی ١٩٩٤.

ب- عبد العزيز بن عبد الله بن باز (١٩٩٤-١٩٩٩).

ج- عبد العزيز بن عبد الله آل الشيخ (١٩٩٩- ؟ تاکو ئێستا).

## ٢- دەستەی گەورە زانایان (هيئة كبار العلماء).

- لە قۆناغی شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی بیستەم هەژموونی دەستەی گەورە زانایان لە سعودیە فراوان بوو.
- شا فەیسەڵ بن عبد العزيز مەرسومێکی شاهانەی دەرکرد بە ژمارە أ/١٩٧٠/٧٣م، بە دامەزراندنی دەستەی گەورە زانایان و کە لە ١٧ زانا وەک دەستەی دامەزرێنەر پێکهاتبوون.
- بە گوێرەی ئەم مەرسومە شاهانەیە، دەسەڵات و ئەرکەکانی دیاری کرابوو:

أ- خستنەڕووی ڕا و سەرنجی خۆیان لەو بابەتانەی کە وەلی ئەمر بڕیاری لەسەر دەدات و پاڵپشتی بڕیارەکانی بە بەڵگەی شەرعی.

ب- دەرکردنی ڕاسپاردە لە بابەتە ئاینییەکان کە پەیوەستن بە چەسپاندنی حوکمە گشتییەکان بۆ بەرچاو ڕوونی وەلی ئەمر.

- ڕۆڵی دەستەیەی گەورە زانایان وەک دەستەیەکی ڕاوێژکارییە لە بابەتە شەرعیەکان.

## ٣- ئەنجومەنی دادوەریی باڵا (المجلس القضاء الأعلى)

بەشێکە لە دەسەڵاتی دادوەریی، ئەنجومەنێکی بەرپرسە لە ڕێکخستنی دەسەڵاتی دادوەریی، بەکاری سەرپەرشتیکردنی دادگاکان و دادوەران و چاودێری کردنی کاروبارەکانیان و دەرکردنی ڕێنمایی و ڕێسای پەیوەست بەوانەوە، بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٧٥ دامەزراوە، لە سەرۆکێک و دە ١٠ ئەندام پێکدێت، بۆ ماوەی چوار ساڵ لەم پۆستەدا دەمێننەوە.

## ئەرکەکانی ئەنجومەنی دادوەریی باڵا (وظيفة المجلس الأعلى للقضاء):

١- بەرزکردنەوەی پێشنیار و ڕاپۆرتەکان بۆ پاشا.

٢- دەرکردنی رێسا و ڕێنماییەکان.
٣- رێکخستن و چاودێریکردنی کاروباری دادگاکان.
٤- یەکلاکردنەوەی ناکۆکیەکان دەربارەی تایبەتمەندیی دامەزراوە دادوەرییەکان.
٥- بەرپرسە لە کاروباری دادوەرەکان، وەک دامەزراندن و پلە بەرزکردنەوە و تاقیکردنەوە و راهێنانیان بۆ کاری دادوەریی.
٦- ئەنجومەن سەرچاوەیەکە بۆ دادوەرانی شانشینی عەرەبی سعودی، ئەو بابەتە گەورانەی بۆ دەگەڕێتەوە کە یەکلایکردنەوەیان ئاسان نیە، وەک جێبەجێکردنی حوکمی کوشتن (القتل).
٧- هەندێ لە کاروبارەکانی بە هاوبەشی لەگەڵ وەزارەتی دادی سعودی دەکات، وەک:
- پەسەندکردنی بڵاوکردنەوەی بڕیارە دادوەرییەکان.
- بەدواداچوون و پشکنین بۆ کاروباری دادنووسەکان.

جگە لەم دامەزراوە سەرەکیانە، چەندین دامەزراوەی لاوەکی هەن، وەک: دادگاکان، دیوانی سکاڵا، دەستەی فەرمانکردن بە چاکە و رێگریکردن لە خراپە، زانکۆ ئیسلامیەکان، مزگەوتەکان.

**هيكل توضيحي للمؤسسات الدينية الرئيسة في السعودية**




**هيكل توضيحي للمؤسسات الدينية الفرعية في السعودية**




## ليستى سەرچاوەکان

- أمين سعيد، تاريخ الدولة السعودية، الجزء الأول، (بيروت، دار الكاتب العربي، 1965).
- أيمن الياسيني، الدين والدولة في المملكة العربية السعودية، (بيروت، دار الساقي، 1990).
- حسين إبراهيم العطار، العلاقات البريطانية - السعودية في عهد الملك عبد العزيز، (القاهرة، المكتب المصري للمطبوعات، 2007).
- عبد الفتاح حسن أبو علية، تاريخ الدولة السعودية الثانية، (الرياض، دار المريخ، 1991).
- فيصل بن مشعل آل سعود، التطور التاريخي للملكة العربية السعودية وتقييم لمجلس الشورى، (الرياض، مكتبة الملك فهد الوطنية، 2002).
- عبد الرحمن الرافعي، تاريخ الحركة القومية وتطور نظام الحكم في مصر، الجزء الأول، (القاهرة، مطبعة النهضة، د.ت).
- عبد العزيز الخضر، السعودية سيرة دولة ومجتمع، (بيروت، الشبكة العربية للأبحاث والنشر، 2011).
- عثمان بن عبد الله بن بِشر، عنوان المجد في تاريخ النجد، تحقيق: عبد الرحمن بن عبد اللطيف، الجزء الأول، (الرياض، مطبوعات دارة الملك عبد العزيز، 1982).
- فواز ذنون، هيكلية النظام السياسي في المملكة الأردنية الهاشمية، مجلة دراسات إقليمية، (العراق، جامعة الموصل، ).

- فيصل بن مشعل آل سعود، موجز تاريخ الدولة السعودية، (الرياض، مكتبة الملك فهد الوطنية، 2018).

- محمد العرقان - ياسر الخزاعلة، النظام السياسي الأردني، (عمان، دار الخليج للنشر والتوزيع، 2020).

- نذير جبار حسين، الدولة السعودية في عهد فيصل بن تركي، (بغداد، دار ومكتبة عدنان، 2016).

- محمد حسن دخيل، أنظمة الحكم في الوطن العربي، ( بغداد، 2014).

- هاندەر عبد الخالق محمد، توظيف المؤسسة الدينية لشرعنة السلطة السياسية من المنظور الإسلامي: دراسة تحليلية مقارنة للنموذجين السعودي والمصري، أطروحة الدكتوراه، كلية العلوم السياسية، (أربيل، جامعة صلاح الدين، 2023).

- هيوا عبد الخالق أحمد، إصلاح النظام السياسي السعودي في ضوء المتغيرات الداخلية والخارجية، رسالة ماجستير غير منشورة، (أربيل، كلية العلوم السياسية/ جامعة صلاح الدين، 2020).